لاهور تاڵبانی یادی تیرۆری هاوکار جاف دەکاتەوە "تائستا بکەرانی ئەم تاوانە سزایان وەرنەگرتوە"

لاهور شێخ جەنگی، سەرۆکی بەڕێی گەل یادی تیرۆرکردنی عەقیدە هاوکار جاف دەکاتەوە و لە تەی کەمەڵایەتی فەیسبووک نوسیویەتی، ئەمڕە ساڵڕۆژی تیرۆری سەرکردەی جوانەمەرگ عەقید هاوکار جافە، ساڵڕۆژی ئەو تاوانە گەورەیەیە کە بەرامبەر یەکێک لە جەنگاوەرە ئازاکانی شەڕی داعش کراو و تیرۆرستانە و ترسنۆکانە بە بەرچاوی خێزانەکەیەوە، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە دەندانەترین شێوە تیرۆرکرا.

هەروەها نوسیویەتیش، بەداخەوە وەک زۆر تاوانی دیکە هەتا ئێستا بکەرانی ئەم تاوانە قێزەونە نامرۆڤانەیە سزای یاسایی خۆیان وەرنەگرتوە و دەستگیر نەکراون، هەتا ئیستا و پاش تێپەڕبونی دوو ساڵ بەسەر تاوانەکەدا دەستی حزب درێژتر بوە لەدەستی یاسا و لە تاوانی لەمجۆرەدا رون و ئاشکرا دەردەکەوێت کە یاسا سەرەوەری تەنها دروشمی حزبە دەسەڵاتدارەکانە و هیچیتر.

بەڵاشکاویەوە دەڵێم ئەم ڕۆژەی تیرۆرە بە تەڵە و سزا هەرگیز داناخرێت، ئەم خوێنە بەناحەق ڕژاوە ڕژێک دێت کە وەردەگیرێنەوە و بکەرانی ئەو تاوانە راپێچی زیندان دەکرێن و سزای شایستەی خۆیان وەردەگرن، 20ی ئۆکتۆبەر، ڕۆژی حەق و حیسابە لەگەڵ بکوژانی عەقید هاوکار جاف، ئاسودەبە پشتیوان بە خوای گەورە حوکمی گەل بەدەوێیە، لاهور تاڵبانی وا دەڵێت.

زانیاری زیاتر...

ڕۆژی 7ی تشرینی یەکەمی 2022 لە شاری هەولێر، لە ڕێگەی بەمبی لکێنراوەوە بە ئەنجامبەلەکەی، عەقید هاوکار جاف کرایە ئامانج، لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا و چەند کەسێکی خەزانەکەشی بریندار بوون.

هاوکار جاف، عەقیدێکی دەزگای دژە تیرۆری سلێمانی بوو و دەزگا ئەمنییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، دان پێدانان و گرتەی ڤیدیۆیی چەند ئەفسەرێکی دەزگای دژە تیرۆری یەکێتییان بڵاوکردەوە، گوایە ئەوان لە پشت ڕووداوی "تیرۆر"کردنی عەقید هاوکار جافن، بەڵام دواتر دەزگای دژە تیرۆری یەکێتیی لە ڕاگەیەنراوەکدا، بەرگری لە ئەفسەرەکانی کرد و گرتە ڤیدیۆیە بڵاوکراوەکانی بە سیناریۆ ناوبرد.